کۆمەڵەی  گەلی کوردستان
سوید /ستۆکهۆلم

**سەرۆك وزیرانی  سوید بەڕێز فرێدریك ڕێنفێلت**
**وەزیری دەرەوە بەڕێز کارل بیلد**
**بەڕێزان ئەندام پەرلەمانانی سوید**

کۆمەڵەی  گەلی کوردستان لە سوید ئەیەوێ سەرنجتان رابکێشێ بۆ لەشکرکێشی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٨ بۆ سەر کوردستانی عێراق هاوکات بە بەردەوامی فرۆکە جەنگیەکانیان ناوچەکە بۆمبەباران دەکەن. لە ئەنجامدا بەدەیان خانووبەرە و خوێندنگاو پرد  روخاوە و بەسەدان خێزان ماڵی خۆیان جێهێشتوە . بەلانی کەم پێنج هاووەڵاتی شەهیدو بە دەیانیشیان بریندار بووە.بە گوێرەی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان زیاتر لە ١٨٠٠ گوندنشین ئاوارە بووە و لە ژێر سەرماو سۆڵی ناوچەکە لە ژیانێکی سەختدا دەژن. هەروەها لە ترسی فرۆکەکانی تورکیا بە سەدان خوندکار خۆێندگاکانیان جێهێشتووەو نزیکەی  بیست خوێندگا داخراوە.

ئێمە هەڵمەتە سەربازیەکانی تورکیا شەرمەزار دەکەین، لە هەمانکاتدا داواکارین کێشەی کوردی لە تورکیا لە ڕێگای دیالۆگ و دێموکراتی چارەسەربکرێت.
 ئێمە بە پەرۆشەوەین بۆ گەشەکردنی مەترسیەکان لە ناوچەکە و مەترسی تراژیای ترمان هەیە.بۆیە داواکارین ئێوەی بەرێز دەسەڵاتی خۆتان بەکاربێنن و پارێزگاری لە هاووەڵاتیە مەدەنیەکانی ناوچەکە بکەن و ڕێگا بگرن لە تەشەنەسەندنی روداوەکان و دوو بارەبونەوەیان.
 هیواداریـن لە ڕێگایی هەڵوێست و هەوڵەکانی ئێوە ، منداڵانی کورد لە کوردستانی عێراق بتوانن بەئارامی لەگەڵ دایك وباوکیان جەژنی سەری ساڵ پیرۆز بکەن.

**سوپاس**

کۆمەڵەی  گەلی کوردستان
ستۆکهۆلم
20/12/2007
Gali.kurdistan@gmail.com